www.kurdistannet.org
7-3-2007 21:44 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بارزانی نەمر ئەستێرەیەکی درەوشاوەی یەک پارچەی کوردستانی گەورەیە ... دیندارکۆچەر



جێگای شانازییە بۆ و ئێمەی قوتابیانی ڕێبازی بارزانی نەمر، لە ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانی نەمروکاکە ئیدریسی بارزانی هەمیشە زیندوودا، بەناوی ڕێکخراوەکەمان ڕێکخراوی یەکێتی قوتابی ولاوانی کورد لە هۆڵەندا بەشداری لەم کۆڕەدا ئەکەین. بەرلە هەمووشتێک بۆ ڕێزگرتن لەونەمرانە و هەموو شەهیدانی کوردستان سەری ڕێزونەوازش دائەنەوێنین.

مێژووی پڕ سەروەری بارزانی نەمر خۆی لەخۆیدا داستانێکی پڕشکۆی ئازایەتی وقارەمانێتیە کەناکری ئەمرۆ لەگێڕانەوەیاندا پەند لەوئەزمون وکەلەپورە گەورەیە وەرنەگرین.
ئێمە وەک قوتابیانی کوردستان بارزانی نەمر بە ناسنامەی شۆڕشی تەواوی نەتەوەی کوردی دەزانین لە سەر هەربستە خاکێکی لەت وپەت کراوی کوردستان ولامان بەرز و پیرۆزە و بەمیراتگری گشت شۆڕشەکانی کوردستانی دەزانین، ئەوەش مێژوویەکی حاشا هەڵنەگرە کە پشتوان وهاندەری سەرەکی قوتابیانی کوردستان بووە هەرلەسەرەتای هەنگاوانی شۆڕشی ئەیلولی مەزنەوە.

بارزانی نەمر وەک خەم خۆری نەتەوەکەی بەردەوام ڕۆڵی جەماوەری کوردی لەوشۆڕشەدا بە ڕۆڵێکی سەرەکی داناوە بە بیروباوەی ئاینی وسیاسی جیاوا ز هەموویانی لە ژێر یەک ڕەشماڵدا یەک خستبوو، شۆڕش لای ئەو بەبێ کۆمەک وهاوکاری جەماوەری کوردستان لەپاڵ پێشمەرگەدا بە گرنگ دەزانی بۆیە لەم بوارەدا فەرموویەتی:-
(هەرووەک هەرجار گووتوومە ئەو شانازی و سەربەرزییە تەنیا هەر بۆ ئەوانەنییە کە تفەنگیان لە سەرملی خۆیان داناوە و بگرە هەموو جوتیاریکی کورد هەموو ئافرەتێکی کورد و پیروجوان ومناڵی کورد هەموو لەو قارەمانیەتیە بەشدارن ولەوشۆڕشە هەمووکەس زۆرئازاری چەشتووە) .

کەواتە ئەتوانین بڵێن بارزانی نەمر و شۆڕشەکەی تەواوکەر و هێمای درەوشاوەی تەواوی نەتەوەی کورد بوون و زۆر ووتنیش نییە بڵێن بارزانی نەمر بە خەبات و تێکۆشانی پتر لە نیو سەدە سەلماندی ئەستێرەیەکی درەوشاوەی کوردستانە، هەر لە تەمەنی لاویەوە شان بە شانی بنەماڵەکەی چەکی شەرەفمەندی لەشان کردوە و بانگی ئازادی و سەرفرازی کوردستانی ڕاگەیاندوە لەسەر هەربستە خاکێکی کوردستان پێویستی کردبێ ئەم باوکە نەمرە وپێشمەرگەکانی ئامادەبوون بۆ بەرگری کردنی یەک پارچەی کوردستانی گەورە لە بەردەمی ئاگر و ئاسنی دوژمنان.

بارزانی نەمر لەتەمەنی سێساڵیدا لە مووسڵ دەگیرێ لە تەمەنی 16 ساڵیدا بە چەندین چەکدارەوە ڕوو لە سلێمانی دەکات بۆ یارمەتی دانی شۆڕشەی شیخ مەحموودی نەمر، لە تەمەنی 23 ساڵیدا لەگەڵ چەندین چەکدار دەچێ بۆ یارمەتی شۆڕشی برا کوردەکانی لە کوردستانی تورکیاو لەوێ چاوی بە هەردوو سەرکردەی کورد شێخ عەبدولقادری نەهری و سێخ سەعیدی پیران دەکەوێ، ئەمەو چەند هەڵوێستێکی مەردانە و ئازایەتییەکی تری ئەولە ڕاپەرینی بارزان، جگە لە هاوکاری کردنی کۆمارە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ساواکەی مهاباد و بینینی پێشەواقازی محمەد کە خۆی وپێشمەرگەکانی هێزێکی پتەوی ئەوکۆمارەبوون لە پێش ڕووخانی کۆمارەکە و لەناوبردنی بە دەستی ئیمپریالیزم، پێشەواقازی محەمەد ئاڵای کوردستان تەسلیم بە بارزانی نەمردەکات وپێ ی دەڵی کەس لە تۆ دڵسۆزتر نابینم بۆ کوردستان و پاراستنی ئاڵای کوردستان هەروا‌ش دەرچوو کە ئێستا شەکاوەیە لە پارچەیەکی ئازادکراوی کوردستان ولە دوای ماڵ ئاوای کردنی لە کۆمارەکە و پێشەواقازی محەمەد ڕووبەڕووی هەرسی وولاتی دوژمن و داگیرکاربووە لە ئیران وعێراق وتورکیا وپەڕینەوەی لە ئاوی ئاراس وچوونی بۆ خاکی سۆڤیەت وئاوارەی وگەڕانەوەی بۆ عێراق وبەرپاکردنی شۆڕشی ئەیلول وبەردەوامی ئەوشۆڕشە بەگوڵان وراپەڕین زۆر دەسکەوتی گەورەمان دەست کەوت کە ئازادی ئەمڕیە لەبوونی حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان. کەواتە بە هەموو ئازایەتیەکانی ئەوەمان پێ دەسەلێنن کە بارزانی هەرلەتەمەنی لاوییەوە خەمخۆری نەتەوەکەی بووە و بۆ یارمەتی شۆڕشانی کورد لە هەر کوێیەک بووبێ وەک هەڵۆ یەک بەهانایانەوە چووە. بۆیە بارزانی نەمر ئەستێرەیەکی درەوشاوەی کوردستانەی گەورەیە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.